# لاپەڕەیەکی تازە لەمێژوویەکی ونبوو،

# ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی گەلێکی نووستوو!

**سیروان کاوسی**

17/2/2014

یەکێ لەو کارەساتە مرۆڤی و نەتەوەییانەی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەرەورووی کورد و



خاکەکەی و ناسنامەی نەتەوەیی و هەبوونی کراوە، پاکتاوی فەرهەنگی و تواندنەوەی رەگەزیی کورد بووە لەنێو رەگەزی خۆیاندا، خۆیانکردووە بەخاوەنی خاکی هەزارانساڵەی کورد ولەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنێک کۆیلەتی و بندەستیی، کورد مێژووی راستینەی خۆی لەبیرچووەتەوە و، زمان و کولتوورەکەی لێ بووە بەبنزار و پاشکۆی کولتووری داگیرکەرانی کوردستان. گەر ئەمڕۆکە تۆ بچیتە هەر شارێکی لۆڕستانی گەورە تاکو دەگاتە بوویەرئەحمەد و کێوگیلۆیە، لەخەڵکی ئاسایی و قەلەمبەدەست و رۆشنبیرەکەی بپرسی رەگەزی ئێوە چییە؟ نایزانن! زۆربەیان دەڵێن: لۆڕین و خەڵکی ئێرانین ، هێندێکیان خۆیان بە گەلێکی سەربەخۆ ناودەبەن، کە خاوەنی زمان و مێژووی خۆیەتی، تاکوتەراش دەڵێن کورد و لۆڕ یەک رەگەزن و، جیانین، جائەمە لەبەر دڵی تۆی کورد، یان وەک لێکۆڵەرێک وەرامتدەداتەوە، ئەوەیان دیارنییە.

بەشێک لەنووسەرانی بەشەکانی رۆژهەلات و باشووری کوردستان بێلێکۆڵینەوە و خۆماندووکردن بەمێژووی ئەو بەشانەی خوارووی کوردستان، لۆڕستانی گەورە و کوردستان بە دوو بەشی جیالەیەک نێودەبەن. نەخشەی کوردستان لەچەند جۆر وقەبارەی جیاجیادا بلاودەکەنەوە، لەیەکیان نەخشەی کوردستان تاکو کرماشانە، لەوی دیکە تا سنووری ئیلامە، لەلای سەروویشەوە لە باکووری کوردستان هەر بەم شێوەیە، حیزبەسیاسییەکانیشمان کە زیاتر لە پەنجاساڵێکە بەناوی کوردایەتییەوە نوقمی پاوانخوازی و گەمەی

حیزبایەتین، گوێیاننەداوەتە ئەوەی کامە بەش کراوە بەفارس و، کام بەشی دی لەنێو ترک و عەرەبدا تواوەتەوە و، چی بکەن و چ پلانێکی فەرهەنگی و نەتەوەیی دابڕێژن بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەو بەشانە بەتایبەتی و لە کوردستان بەگشتی.. لەبەرئەوە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی داگیرکەران و، بەحیزبیکردنی کێشەی کورد لەلایەن سەرۆکایەتی و رۆشنبیرانی حیزبیی لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیی کەسی و حیزبیی، پێکەوە **دینەمۆیەکی بەهێزبوون بۆ هێشتنەوەی نەتەوەی کورد لەسەرلێشێواوی و ناهۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی.**

دوای خوێندنەوەی ئەم کورتە پێشەکییە، با پێکەوە چاوێک بەچەند لاپەڕەیەکی مێژووی لۆرستان و ژیانی رۆڵەی بلیمەت و مەزنی ئەم دەڤەرە خاتوون بی بی مریەمی بەختیاریی بخشێنین!

مێژووناسی گەورەی کورد **شەرەفخانی بدلیسی** لەپەرتوکە مێژووییەکەی **"شەرەفنامە" دا** دەڵێ: **"چوارسەد بنەماڵەی چەند هۆزێکی کورد بەسەرۆکایەتیی حەسەن فەسڵەویی لەسەدەی شەشی کۆچی - مانگی (هەشت سەدەیەک بەر لەئەمڕۆ) لەناوچەکانی شامات و "کێوی سماق" لەرۆژاوای کوردستان و سووریای ئێستاوە بەرەو زنجیرەچیاکانی خوارووی زاگرۆس کۆچیانکرد. لەنێویاندا هۆزێکی بچووک بەنێوی بەختیاری لەگەڵیان کەوت".** ئەم کۆچکردنە کە تاکو ئەورۆ هۆیەکەی نەزانراوە، بەناوی کۆچی هەزارسوارەی جەنگی نێوبرۆیوە. دوای گەیشتنیان بەم هەرێمەی ئێستا کە پێیدەگوترێ لۆڕستان، سەرۆکی هۆز **حەسەنی فەسلەویی** بەخێرایی هۆزەخۆجێییەکانی ناوچەکەی خستەژێر رکێفی خۆیەوە و، حکوومەتێکی سەربەخۆی پێکهێنا کە لەمێژوودا بەناوی حکوومەتی **"ئەتابەکانی فەسڵەویی" (ئەتابەکانی لۆڕ)** ناسراوە. پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ناوچەکە لەلایەن حەسەن فەسڵەوی و هێزەکەیەوە، هۆزەکانی دیکەی رۆژاوای کوردستان لەڕێگەی تەتەرەوە ئاگادارکران، ئەوانیش لەرۆژاوای کوردستانی ئێستاوە بەرەو لۆڕستان کۆچیانکرد و، بەهەموو لۆڕستان و ئیلام و بوویەر ئەحمەد و کێوگیلۆیەدا بڵاوبوونەوە. چەند سەدەیەک دواتر، عەشیرەتی بەختیاریی کە لقێکە لەهۆزی گەورەی لۆڕ، بوون بە دوو بەشەوە، بەشی **چوارلنگ** و بەشەکەی دیکەش بە**حەفت لنگ** ناسران.

لەمێژووی هەزارانسالەی تەژی لەکارەساتی کورددا کەم نین ئەو ژنانەی لەسایی زانای و لێوەشاوەی و کەسایەتیی بەرزیانەوە سنوورەکانی داوونەریتی داسەپاوی کۆمەڵایەتییان تێکشکاندووە و، نەک هەر بوونەتە جێی سەرنج و رێزی رەگەزی نێرینەی لووتبەرزی کوردەواریی، بەڵکو پێشەنگی و سەرۆکایەتیی هۆز و هەرێمی خۆیانکردووە، یان لەگۆڕەپانەکانی جەنگدا نێوبانگی ئازایەتییان سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە. یەکێ لەم ئەستێرە گەش و بلیمەتانەی کوردەواری، ناوی **بی بی مریەمی بەختیارییە.**

**بی بی مریەم،** لەسەردەمی خۆیدا نێوبانگی ئازایەتییەکەی سنوورەکانی کوردستان و ئێران و وڵاتانی ئۆرووپای تێپەڕکرد، هاوکات، بوو بە جێی باس و رێز و ستایش و رقونەفرەتی چەندین وڵاتانی دژبەری ئۆرووپا. بی بی مریەم ساڵی 1253ی هەتاوی (1876ی ز) کە دەکاتە 140 ساڵێک بەر لەئەمڕۆ، لەنێو هۆزی بەختیاریی لەدایکبوو، ناوی باوکی **حسێنقولیخان سەرۆکهۆزی گەورەی بەختیاریی** بوو کە لەتەمەنی 24

ساڵییەوە بوو بە حوکمرانی بەختیاریی. حسێنقولیخان چەند شەروشۆڕێکی گەورە و خوێناویی لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری هەڵگیرساند و،، توانی هەموویان تێکبشکێنێ و، هۆزەکانی **چوارلنگ** و **چوارمەحەل وبابادی** بخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوە. لەسەرەتاوە بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی لەهەرێمەکانی خوارووی کوردستان یارمەتیی سەربازیی لەحکوومەتی قاجارەکان لەئێران وەرگرت و، لەلایەن ناسرەدینشای قاجارەوە نازناوی **"ئیلخان"** و **"نازم بەختیاری" (چاودێری بەختیاریی)** پێبەخشرا، بەڵام دوای ئەوەی بۆ ماوەی پانزەساڵێک پووڵ و سامان و هێزو جەماوەرێکی گەورەی لەدەروی هۆزی بەختیاری کۆکردەوە، حکوومەتێکی سەربەخۆی پێکهێنا و، لەژێریشەوە هەوڵیدا لەرێگەی کەنداوەوە **(بەزاراوەی کوردی ناوچەکە کەنداڵیی)،** لەسوپای وڵاتانی کۆلۆنیالیستیی وەک بریتانیا و پۆرتۆگال کە بە پاپۆڕی سەربازیی هاتبوونە کەنداو، بێئاگاداریی حکوومەتی تاران چەکوچۆڵ بکرێت لێیان. ئەم هەوڵانەی حسێنقولیخان، ناسرەدینشای قاجاری تووشی دڵەڕاوکە و پەژارە کرد و، کوڕەکەی خۆی **"زێلەلسوڵتان" (ظل السلطان)** کە حاکمی شاری ئەسفەهان بوو، راسپارد، بەناوی سەردانەوە چاوێک بەباروودۆخی بەختیاری و دەسەڵاتی حسێنقولیخاندا بخشێنێ. کوڕەکەی ناسرەدینشا دوای سەردانەکەی، لەراپۆرتێکدا بۆ باوکی نووسیێ: **"تەواوی ئەو راپۆرتانەی پێشوو لەلایەن "فەرهاد میرزا" حاکمی "فارس" (شاری شیرازی ئێستا) لەبارەی هێزودەسەڵاتی حسێنقولیخانەوە نووسراون، نەک هەر راستن، بەڵکو بەکەمیشەوە نووسراون، حسێنقولیخان دەسەڵاتێکی سەربەخۆی پێکهێناوە و، بۆ دوارۆژی دەسەڵاتەکەشی ئامانجی گەورەتری هەیە".**

ناسرەدینشا دوای خوێندنەوەی راپۆرتی کوڕەکەی، بیری لە کوشتنی حسێنقولیخان کردەوە و، **"زێلەلسوڵتان"** ی کوڕی راسپارد بەهەر شێوازێک بووە کێشەی لوڕستان و حسێنقولیخان بنبڕکا. کوڕەکەی ناسرەدینشا، بۆ سەردانێکی فەرمیی حسێنقولیخانی بانگهێشتی ئەسفەهان کرد، ئەمیش بانگێشتەی قەبوڵکرد و لەگەڵ دوان لەکوڕەکانی چووە ئەسفەهانەوە. لەلایەن کوڕی شا و دەستەودایرەی حکوومەت و سوپاوە پێشوازیی گەرمی لێکرا، ئەوجا بردیان بۆ بینینی مەشقی سوپا. کاتێک حسێنقولیخان چاوی بە مەشقی سوپای ئێران کەوت، بەگاڵتەو تەشەرەوە بەشازادە زێلەلسوڵتانی گوت: **"سەد سواری بەختیاریی بەرامبەرە لەگەڵ هەزار شەرکەری سوپای ئێوە!"**. زێلەلسوڵتان هیچی نەگوت، بەڵام لەدڵی خۆیدا زیاتر سووربوو لەسەر کوشتنی. بەناوی سەردانی داودەزگەکانی حکوومەتەوە، دوو کوڕەکەی کە ناویان **ئەسفەندیارخان و عەلیقوخان** بوو، جیایاندەکەنەوە و، دەیانبەنە نێو هۆدەیەکی گەورەی سەربازییەوە، لەوێ چەکیاندەکەن و، دەیانخەنە زیندانەوە. زێلەلسوڵتان دوای ئاگاداربوونی لەدەستبەسەرکرانی کوڕەکانی خان و لەنێوبردنی پاسەوانەکانیان، حسێنقولیخان دەباتە نێو کۆشکی خۆیەوە، پێکەوە خواردن دەخۆن، ئەوجا قاوەی بۆ دێنن کە ژەهرێکی کوشندەی تێکراوە، حسێنقولیخان بەخواردنەوەی قاوەکە، ژەهر بەلەشیدا بڵاودەبێتەوە و، تێکدەچی و توانای بەرگریکردنی نامێنێ، سەربازەکان بەکوتوزنجیر دەیبەستنەوە و دەیخەنە نێو زیندانەوە، پاش دوو رۆژ بەدەم ئێشوئازارەوە گیانی لەدەستدەدات.،

حسێنقولیخان لەماوەی ژیانیدا دە ژنی هێنا. لەم دە ژنە هەژدە منداڵی بوو، دوانزەیان کچ و شەشی دیکەش کوڕ. یەکێ لە کچەکانی نیونرا **مریەم (بی بی مریەم)**. بی بی مریەم لەکاتی کوژرانی باوکیدا تەمەنی  نۆسال بوو. بی بی هەر لەو تەمەنەدا سەرنجی بنەماڵە و خزمان و هۆزەکەی بۆلای خۆی راکێشابوو، هەموو پەسنی سوارچاکی و تیرهاویشتنی خێراوبەدەستوبردی بی بی یان دەکرد، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئەوسا و تەنەنات ئێستای ناوچەکە، بەبیری کەسدا نەدەهات رۆژیک ببێتە سەرلەشکری کوردانی ناوچەکە، رەنگە بۆخۆشی ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتبێ، بەڵام لێهاتوویی خۆی و، پلەی کۆمەڵایەتی و رەوتی رووداوەکانی سەردەم، ئەو کەسایەتییە گەورەیان لێخولقاند کە بۆ هەتاهەتایە کورد شانازیی پێوەبکات.

**بی بی لەتەمەنی 15 ساڵیدا بەپێچەوانەی ویست و ئارەزووی خۆی، لەجێنشینی باوکی بەناوی "ئیبراهیمخانی زەرغامولسەلتەنەی بەختیاریی" مارەکرا. لەلایەک بەهۆی نێوبانگی بنەماڵە، لەلایەکی دیکەوە چۆنکە هاوسەری حوکمڕانی لۆڕستان بوو، بۆ هەرشوێنێک بچووبایە، هێزیکی چەکداری ئازاوتەیاری لەگەڵ دەچوو. ئەم هێزە بەماوەیەکی کەم کەوتە ژێر فەرمانی راستەوخۆی بی بی مریەمەوە و، لەو شەڕو پێکدادانانەی دوای کوژرانی باوکی و براکانی لەنێوان سوپای ئێران و هێزەکانی بەختیاریدا بەرپادەکران، بی بی مریەم بەرە بەرە لەنێو جەماوەری لۆڕستاندا وەک فەرماندەیەکی ئازا و لێهاتوو نێوبانگی دەرکرد. دەوڵەتەکانی ئینگلیز و رووسیاش کە لەو سەردمەدا بەرێککەوتنێکی نەپەنی، ئێرانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردبوو، راستەوخۆ پشتگیرییان لەحکوومەت و سوپای ئێران دەکرد. بەم پێیە هێزەکانی لۆڕستان شەڕی دوو کۆلۆنیالیستی گەورەی سەردەم و، حکوومەتی قاجاڕیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لەسایی رژدی و شاخاوییوونی ناوچەکە و ئازایەتیی رۆڵەکانی لۆڕستانەوە، بەخوێنی خۆیان پارێزگارییان لەو هەرێمە ئازاد و سەربەستەی کوردستان دەکرد.**

ساڵی 1288ی هەتاوی (1910ی ز)، بی بی مریەم وەک فەرماندەی بەشێک لەهیزەکانی بەختیاری، لەگرتنی شاری گەورەی ئەسفەهاندا رۆڵێکی گەورەی گێڕا. ئەم رووداوە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی شۆرشی نوێخوازیی گەلانی ئێران لەدژی حکوومەتی قاجاڕەکان. بی بی مریەم هانی براگەورەکەی دا بۆ داگیرکردنی تاران بکەویتەڕێ. نەخشەی گرتنی تاران کێشرا، بی بی مریەم بەنهێنیی لەگەڵ دەستەیەک لە ئازاترین هێزەکەی ژێر فەرمانی خۆیەوە چووە نێو شاری تاران و، لەنێزیک باڵەخانەی پەرلەمانی ئەوکاتی ئێران **(مەیدانی بەهارستان)**، خۆیان حەشاردا. هێزەکانی دیکەی بەختیاریی بەفەرماندەیەتیی سەردار ئەسعەدی برای لەباشووری خۆرئاوای تارانەوە لەشکر و سەنگەرەکانی سوپای ئێرانیان تێکشکاند و سەرکەوتووانە پێیاننایە نێو شاری تارانەوە. بی بی مریەم خۆی و هێزەکەی، لەحەشارگە هاتنەدەرەوە و، لەنێو جەرگەی شاری تاران هێرشیانبردە سەر داوودەزگەکانی حکوومەتی ئێران. هیزەکانی ئێران لەبەرامبەر هێرشی بروسکەئاسا و بوێریی بێسنووری چەکدارانی کورد خۆیان پێ ڕانەدەگیرا ومۆڵگە و سەنگەرەکانیان چۆڵدەکرد و هەڵدەهاتن. شاری تاران بەتەواوەتیی کەوتەدەستی هێزەکانی کوردەوە. سەردار ئەسعەدی بەختیاریی مزگەوتی گەورەی سوپاسالاری کردە ناوەندیی فەرماندەیەتیی. فەرماندەی هێزەکانی ئێران ژەنەڕاڵێکی رووسی بوو

بەناوی **"لیاخۆف"** بەچاودێریی سەرکۆنسولی رووس و بریتانیا چووە مزگەوتی سوپاسالار، لەبەردەم سەردار ئەسعەد دا چۆکی دادا، بەنیشانەی تەسلیمبوون، شمشێر و چەکەکەی لەبەرپێی سەردار ئەسعەددا دانا **(1*)**.

**دوای داگیرکردنی تاران، ناوبانگی ئازایەتیی بی بی مریەم لەهەموو ئێراندا بڵاوبووەوە.**

سالّی 1914ی ز، کێبەرکێ وململانێی وڵاتانی گەورەی کۆلۆنیالیست بۆ مەبەستی داگیرکردنی وڵاتانی بەپیتوبەرەکەتی جیهان، جەنگێکی گەورە و خوێناویی لێکەوتەوە کە لەمێژوودا نێوی لێنرا جەنگی یەکەمی جیهانی. لەو شەڕەدا بۆ یەکەمجار بۆمبای کیمیایی بەکارهێنرا، جەنگی جیهانیی یەکەم لەئاستی ئۆروپا و هەموو جیهان کارەساتی مرۆڤی و ماڵوێرانی و برسێتی و قاتوقڕیی بەدوای خۆیدا هێنا. **سوپای ئینگلیز و فەرەنسا و رووسیای هاوپەیمان** لەدژی **سوپای ئاڵمان و عوسمانی** لەسێ کیشوەری **ئاسیا و ئەفریقا و ئۆروپا** لەجەنگدا بوون. **بی بی مریەم** کێشەی نێوان وڵاتانی گەورەی کۆلۆنیالیستی بەهەلێکزانی بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتی خۆیان لەناوچەکە و، راماڵینی لەشکری حکوومەتی تاران و، لاوازکردنی دەسەلاتی سیاسی و سەربازیی بریتانیا و رووسیا لەئێران. لەپێشدا ئەم بیرو ئامانجەی خۆی ئاشکرا نەکرد و بەزیرەکی و هۆشیارییەوە هەنگاوی نا. نامەیەکی نارد بۆ فەرمانداری بریتانیا لەئێران، لەنامەکەدا پشتیوانیی خۆی و لەشکری لۆڕستانی بۆ دەوڵەتی بریتانیا دەربڕی، لەژێریشەوە پێوەندیی بە ئاڵمانەوە گرت و هانیدان بێنە کوردستانەوە و، لەگەڵ هێزەکانی عەشایری لۆڕستان، سوپای رووسیا و ئینگلیز تێکبشکێن. دەوڵەتی ئەڵمانیا کە خەونی بەوەوە دەدی لەئێران و **(کەنداوی فارسی-عەرەبی- کوردی)** جێ پێی خۆی قایم بکات، پێشوازیی لەپێشنیازەکەی بی بی مریەم کرد. شاندێکی سیاسی و ئەندازیاری و هێزێکی چەکدار بەچەکوچۆڵی باشەوە لەئاڵمانەوە گەیشتنە ناوچەی لۆڕستان. لەو ماوەیەدا لەگەڵێک شوێنی ناوچەکانی **لۆڕستان و کێوگیلۆیە و بوویەر ئەحمەد** دیاردەی دزی و رێگریی سەرهەڵدابوو. بی بی مریەم بەیارمەتی هێزی ئاڵمان تەواوی ئەو چەتەورێگرانەی لەنێوبرد و زۆربەی خان و کەسایەتییەکانی ناوچەکەشی ناچارکرد، خۆیان وهێزی عەشایریان ببنە بەشێک لە دەسەلات و سوپای لۆڕستان. دوای یەکخستنی هێزی عەشایری ناوچەکە، ئەوجا هێرشی بۆ سەر هێزەکانی ئینگلیز دەستپێکرد. فەرماندەیەتیی سوپای ئینگلیز لەباشوور وباشووری رۆژهەڵاتی ئێران، لەشکرێکی تایبەتیان پێکهێنابوو بەناوی **"پۆلیسی باشوور - پلیس جنوب"**، **(South Persia Rifles)**. ئەم لەشکرە لە 6000 چەکداری **ئینگلیزی و سیکی هێندی و ئێرانی و ئینگلیزی و ولاتانی ئەفریقا** پێکهاتبوو، نێوی فەرماندەکەیان ژنەراڵ **"سایکس"** بوو. بنکەی سەرەکیی هێزەکە لەشارەکانی **شیراز و کرمان** دانرابوون. هێزەکانی بەختیاریی تەواوی لۆڕستان و شاری گەورەی ئەسفەهان و کرماشان و تاکو نێزیکی کەنداویان لەدەستدا بوو، هەروەها لەشیراز و دەورەبەریدا بڵاوبوونەوە. خەلکی ئاساییش ببوونە هاوالّچن و دەنگوباسی تازە و جموجۆڵی هێزەکانی ئینگلیز و رووسیایان دەگەیاندە بی بی مریەم وسوپاکەی.

سالّی 1297 هەتاوی (1919ی ز) بی بی مریەم هێزێک لەئازاترین چەکدارانی خۆی نارده کەنداو بۆ ئەوەی یارمەتی ئەفسەری ئەڵمانی "ویلهۆم واسمۆس" و هێزەکەی و ئازادیخوازانی تەنگستان بدەن لەجەنگەکەیان دژی ئینگلیزەکان. سوپای ئینگلیز لە کەنداو بەتەواوەتیی تەنگەتاو دەبێ و داوای یارمەتیی

سەربازیی لە رووسیا دەکا. هێزێکی هاوبەشی رووسیا و بریتانیا پێکدەهێنریت، ئەم هێزە لەپێشدا دەچێتە شاری ئەسفەهان و داگیریدەکا. دەستدەکەن بەپشکنینی مالآن بۆ گرتنی شۆرشگێرانی کوردی لۆڕ. هێرشدەکەنەسەر ماڵەکەی بی بی مریەم لە ئەسفەهان، تالآنیدەکەن، ئەوجا ماڵەکەشی دەسووتێنن. بی بی مریەم لە فەرماندەیەکی بچووکی بەختیارییەوە ببوو بە سەرلەشکر و سەرۆکی سیاسیی ناوچەی لۆڕستان، بەکارزانی ولێهاتوویی خۆی توانیبووی پشتیوانیی یەکێک لە زلهێزەکانی گەورەی دنیا بۆلای کێشەی کورد راکێشێ، لەو زلهێزە ئەندازیاری سەربازی و هێز و چەکوچۆڵ وەربگرێ، بۆ ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بەکاری بێنێ.

هێژای گوتنە، بەشێک لە بەگزادە و بنەماڵەی بی بی مریەم کە لایەنگری ئینگلیزبوون، بەهۆی لێوەشاوەی و ناوبانگی بی بی مریەمەوە، نەیانتوانی رێی لێبگرن. بی بی مریەم بێگوێدانە نارەزایەتیی گەورەکانی هۆزەکەی، بریاریدا لەدژی ئینگلیز شەڕ بکا و، نەک هەر هۆزەکەی و جەماوەری لۆڕستان و ئیلام و بوویەرئەحمەدی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، بەڵکو بۆ رووخانی حکوومەتی قاجارەکان لەئێران و دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی تێکۆشا و، یەکێک لە گەورەترین ولآتانی گەورەی کۆلۆنیالیستی کردە دۆستی کورد، کە ئەمەش لەبیری تیژ و دووربینی و زیرەکیی ئەم شاژنە سیاسەتکار و دلێر و بلیمەتەوە سەرچاوەی دەگرت.

لەکاتی هێرشی ئینگلیز بۆ سەر شاری ئەسفەهان، نوێنەری دەوڵەتی ئەڵمان بۆ کاروباری ئێران بەناوی **"فۆن کاردف"** لە ئەسفەهان دەژیا و، راستەوخۆ لەلایەن دەستەیەک چەکداری هاوبەشی ئەڵمانی و کوردەوە پاریزگاریی لێدەکرا. هێزێکی تایبەتی ئینگلیز دەستنیشانکران بۆ گرتنی فۆن کاردۆف بەلآم چەکدارەکانی بەختیاریی توانییان بیشارنەوە و، لەتاریکیی شەودا شار جێبهێڵن و فۆن کاردۆف بگەیەننە ناوچەشاخاوییەکانی هۆزی بەختیاریی. فۆن کاردۆف ماوەی سێ مانگ و نیو مێوانی بی بی مریەم بوو، پاشان هێزێکی چەکداری لەگەڵ نارد کە لەرێگەی کرماشانەوە بیگەیەننە نێو خاکی عوسمانی. لەنیزیکی کرماشان هێزەکانی رووس ئاگاداری هاتنیان دەبن و هێرشدەکەنەوە سەریان. فەرماندەی هێزەکەی بەختیاریی، چەکدارەکانی دابەشدەکا، دەڵێ دەبینە دوو دەستە، دەستەی یەکەم بەڕێز فۆن و هاوڕێیانی رزگادەکا، دەستەی دووەمیش دەبێ پێشی سوپای رووس بگرن بۆ ئەوەی دەستەی یەکەم بتوانن بەڕێز فۆن دوورخەنەوە. بەمشێوەیە دەستەیەکی چەکدار کە 60 دەبن، دەستنیشاندەکرێن کە رێ لەپێشڕەویکردنی خێرای هێزەکەی رووس بگرن. ئەم دەستەیە، دەبنە پێشمەرگی ئەوانی دی، بەرگرییەکی بێوێنە دەکەن، دەیان سەربازی رووس دەکوژن، هێزەکەی رووس گەمارۆیاندەدەن و بارانی تۆپ وگوللە بەسەریاندەبارێنن و، هەموویان دەکوژن، کاتێک دەچنە سەرلاشەکانیان، تێدەگەن ئەم دەستەیە خۆی کردە قوربانیی بۆ رزگارکردنی کاربەدەستە ئاڵمانییەکە. "فۆن کاردۆف" لەرێگەی ئەستەمۆڵەوە دەچێتەوە ئاڵمان و، لەوێ بەسەرهاتی خۆی بۆ حکوومەت و میدیای ولآتەکەی دەگێرێتەوە، رۆژنامەکانی ئاڵمان زۆر پەسنی ئازایەتی و جوامێریی بی بی مریەم و گەلەکەی دەکەن.

ئەوهێزە هاوبەشەی رووس و ئینگلیز پێکیانهێنابوو، لە ئەسفەهانەوە دەکەونەرێ بۆ مەبەستی تووناکردنی هێزەکەی ئەڵمان. بی بی مریەم بەنەخشەکە دەزانێ و، خۆی سەرکردەیەتیی هێزێکی بەختیاری دەکا و،

شوێنیاندەکەوێ و، لەناوچەی **"تیران و کرۆن"** کە 45 کیلۆمیتر لەئەسفەهانەوە دوورە، لەچەند لاوە هێرشدەکاتە سەریان، ئەفسەرەکانی رووس و ئینگلیز بەوپەڕی سەرسوورمانەوە دەبینن، هێزەکانی بی بی مریەم بێسڵکردن لەمردن، لەژێر ئاگری تۆپخانە و بارانی گوللەدا پێشڕەویدەکەن، دەیان سەرباز دەکوژرێن و، سەدان سەربازی دیش بریندارەبن. بی بی مریەم هەوڵدەدا نەک هەر هێزەکەی ئاڵمان لەگەمارۆی ئینگلیز و رووس رزگار بکا، بەڵکو هێزەکانی ئەوان گەمارۆبدا و لۆڕستان بکاتە گۆڕستان بۆیان. بەڵام فەرماندەکانی سوپای هاوبەشی رووس و ئینگلیز بەنەخشەکەی بی بی مریەم دەزانن، بەپەلە هێزەکانیان کۆدەکەنەوە و، بەرەو ئەسفەهان دەکشێنەوە. بەم شێوەیە هێزی دوو زلهێزی کۆلۆنیالیستی جیهانیی لەبەرامبەر ورەی پۆڵاین و لێهاتوویی بی بی مریەم و، هێزەکانی ئازای کورددا دەشکێن و، بی بی مریەم و هێزەکەی دەتوانن هێزی کۆلۆنیالیستێکی دیکەی جیهانیی کە ئاڵمان بوو لەفەوتان رزگاربکەن، چۆنکە هاوپەیمانی شۆرشەکەی لۆڕستان و فەرماندە بی بی مریەم بوو!

**لەوەرامی پشتیوانی و دڵسۆزی و پێبەندبوونی بی بی مریەم بە هاوکاری و هاوپەیمانێتیی نێوان بەختیاری و ئاڵمان، ئیمپراتۆری ئاڵمان (ویلهۆڵمی دووەم) تابلۆی ئەڵماس و خاچی ئاسنین کە گەورەترین مدالیای دەوڵەتی ئاڵمان بوو، بەدیاریی نارد بۆ "بی بی مریەم". رادیۆ و رۆژنامەکانی ئاڵمان هەواڵی بەناوبانگترین خەلاتی دەوڵەتی ئاڵمانیان بڵاوکردەوە کە دراوەتە بی بی مریەم. بی بی مریەم بوو بە یەکەم ژن لەئاستی هەموو جیهان کە ببێتە خاوەنی ئەم خەلاتە.**

ماڵەکەی بی بی لە بەختیاریی، ببووە پەناگە و ماڵی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی، زۆرێک لەو کەسایەتی و ناودارانەی بەهۆی دژایەتیکردنی ئینگلیز و رووس و حکوومەتی وابەستەی قاجارەوە گرتن و کوشتن بەرەورووویان دەبووەوە، بەرەو لۆڕستان هەڵدەهاتن و بەپێی راسپاردە و فەرمانی بی بی مریەم دەحەوێندرانەوە و پارێزگارییان لێدەکرا. سێ لەم کەسایەتییە ئازادیخواز و ئەدەیب و سیاسییە ناسراوانە "ملک الشعرای بهار" و "عەلی ئەکبەری دێهخودا" و، ئەوی دیکەشیان دوکتۆر محەممەدی موسەدق بوو کە ئەوان لەشارەکانی دییەوە و، ئەمیان لەئەسفەهانەوە رایکردە بەختیاری و لەلایەن بی بی مریەمەوە پێشوازیکران و ماڵ و جێ و رێی تایبەتیان بۆ دابینکرا. ئەوەبوو دواتر محەممەد موسەدق لەساڵی 1951ی زاینی بوو بەسەرۆکوەزیرانی ئێران، خەباتێکی جەماوەری وکۆمەڵایەتیی خستەڕێ و، ئینگلیزی لەئێران دەرکرد و حەمەڕەزاشاش بەرەو بەغدا هەڵات.

جەنگی نێوان لۆڕستان بەسەرۆکایەتیی بی بی مریەم لەدژی ئینگلیز دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم، تاکو ساڵی 1921درێژەی کێشا. لەم ساڵەدا **رەزاخانی میرپێنج** فەرماندەی سوپا، بەپشتیوانیی ئینگلیز و کاربەدەستی گەورەی بریتانیا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەناوی **"ئایرۆنساید"**، کودەتایەکی لەدژی حکوومەتی بێسەروبەری قاجار رێخست. دوای سەرکەوتنی کودەتا، ئەوجا بەچەکوجۆڵی مودێرن و سازکردنی سوپایەکی بەدیسیپلین و گوێڕایەڵ، دەستکەوتەکانی شۆرشی مەشرووتەی لەنێوبرد. زۆرێک لە ئازادیخوازانی سەردەم لەسێدارەدران. شۆرشی بەختیاریی دوای هاتنەسەرکاری رەزاشا ودامەزراندنی حکوومەتی ناسیۆناڵی فارس درێژەی کێشا. پێج ساڵ دوای شەڕوشۆری گەورە و خوێناویی لەنێوان سوپای رەزاشا و پشتیوانیی

لۆجستیکی ئینگلیز لەدژی هێزەکانی بەختیاریی بەسەرۆکایەتی کورەگەورەکەی بی بی مریەم بەناوی **عەلیمەردانخان چوارلنگ**، سەرەنجام حوکمڕانیی بنەماڵەی بی بی مریەم و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی لۆڕستان پاش زیاتر لە نیوسەدە هەرەسیهێنا. فەرماندەکانی سوپای ئێران لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە نێوی "قەساوی لۆڕستان" یان لێنرا. عەلیمەردانخان گیرا و لەتاران لەسێدارەدرا.  ئازایەتیی عەلیمەردانخان لەبەرەکانی جەنگ بەرادەیەک بوو تێکرای خەڵکی ناوچەکە، ئازایەتییەکەیان بەدایکی (بی بی مریەم) دەشوبهاند، لەبەر ئەوە کاتێک لەسێدارەدرا، کاریگەریی زۆر تاڵودڵتەزێنی کردەسەر خەڵک. شینوماتەم سەرتاسەری لۆڕستانی داگرت. شاعیر و هونەرمەندانی ئەوکات و ئێستاش لەبارەی شێرعەلیمەردانخان و ئازایەتی و هێرشی شێرئاسای بۆ سەر هێزەکانی سوپای ئێران شیعریان نووسیوە و سروود و گۆرانییان بۆزیندووراگرتنی ناوەکەی خوێندووە.

بی بی مریەم رۆشنبیر و کەسایەتیی سیاسی و فەرماندەی ئازا و دلێر، سێ ساڵ دوای لەسێدارەدانی کوڕەکەی لەساڵی 1938ی زایینی لەشاری ئەسفەهان کۆچیدواییکرد. بی بی مریەم پێش مردنی بیرەوەریی خۆی نووسی و، تێیدا جگە لەگێڕانەوەی ژیانی تایبەتی خۆی و بیرەوەریی منداڵی و پێوەندیی بنەماڵەکانی سەرۆکهۆزەکانی لۆڕستان، هەروەها ئاماژەی بە نەهامەتی و چارەڕەشیی  وچەوساندنەوەی ژنی لۆڕ و ئێران بەگشتی کردووە.

**سەرچاوە: "مێژووی دەسەڵاتدارێتیی ئایینی لەئێران" لاپەرە (186)، (نووسینی سیروان کاوسی). بۆ خوێندنەوەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، بڕوانە ماڵپەڕی "کۆنگرە" (www.kncsite.com)، لەگەڵ ماڵپەڕی ئەمرۆ (www.emro.com) "کتێبخانەی یەک".**

sirwan.kawsi@gmail.com